# خوێندنەوەیەك
# بۆ فیکری حەسەن بەننا

عادل عەلی

2006

- ناوی کتێب: خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا
- نوسەر: عادل عەلی
- تایپ: لوقمان عەلی
- تیراژ: (1000) دانە
- ژمارەی سپاردن: (171) ی ساڵـی 2006
- لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)



**حەسەن بەننا**





# ســەرەتــا

باس‌و خواس لەسەر ئوسوڵیەتی ئیسلامی، یاخود ئیسلامگەرایی، ڕەنگە لەم ساڵانەی دواییدا زۆرترین شوێنی لەناو گفتوگۆ سیاسی‌و ڕۆشنبیرییەکانی ئێمەدا گرتبێتەوە، ئوسوڵیەت تەنها لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا گرنگیی پەیدانەکردووە، بەڵکو چەند دەیەیەکە (واتە هەر لەگەڵ گەشەکردنی ئەم فیکرە توندوتیژەدا) کە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیش هەولی خۆ بەرجەستەکردنیداوە، کەم‌و زۆر قسەو باسی لەبارەوەکراوەو ئەمەش کارێکی ئاساییە.

ئەم دیاردەیە (بەچاك‌و بەخراپ) زۆرێك لەڕەهەندەکانی دراونەتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو پێموایە لەو نێوەندەدا درێغی و کەمتەرخەمی نەکراوە، لەناوەندی ڕۆشنبیریی عەرەبیشدا هەوڵ‌و تەقەلای بێوچان دراوە بۆ ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی بیری ئوسوڵیەت‌و بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەهەموو ڕوویەکی: مێژووی‌و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد......ەوە.





ڕۆشنبیری کوردی، ئەگەرچی سەرچاوەی سود وەرگرتنەکانی بەزۆری هەر ڕۆشنبیری عەرەبی بووەو لەڕاستیدا سەرچاوە گەلیکی باش‌و گەنجینەیەکی گرنگ و بڕبایەخیش بوون، وەلی کەم‌و زۆریش هەوڵیداوە لەناو خودی بناغەی بیری ئوسوڵیەت‌و بنەما سەرەکییەکانی ئەو دیاردەیەوە سەرهەڵبێنێ‌و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو تایبەت بکات، دەتوانین بڵێین ڕەنگە بەشێکی ئەو هەوڵە لۆکاڵیانە لەئاستێکی باشی بابەتی و ئەکادیمیدا شانبدەن لەشان نوسینەکانی دەرەوەی خۆمان. بەهەر حاڵ تاکو ئێستاش هەوڵ و کۆششەکان بۆ ناساندن و لێکۆڵینەوە لە پایەو ڕەهەندەکانی دیاردەی ئیسلامی سیاسی و بیری ئوسوڵیەت هەر لە برەودایە.

ئوسوڵیەت یان باشتر بڵێین ئەو نوێگەری و ریفۆرمانەی لە بواری ئەو دیاردەیەدا قسەیان لەسەر کراوەو بەجدی وەك پرۆژەیەکی نوسین کاریان تێدا ئەنجامدراوە هەر لەجەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدەو تادەگاتە شێخ

ڕەشید ڕەزا لە میسر بەبناغەی بیری ئوسوڵی دادەنرێن پاش ئەویش حەسەن بەننا کە وەك شێخێکی گەنج هاتە مەیدانی ململانێکردنێکی زۆر توندڕەوەو، دواجار دەبێتە سونبلی دیاردەی ئیسلامی سیاسی لەسەدەی بیستەمدا. ئەوەی کە ئێمە لێرەدا جەختی لەسەر دەکەینەوەو مەبەستی باسەکەش دەرخستنی ڕۆڵی حەسەن بەننایە لە بزواندنی بیری ئوسوڵی و ئیسلامی سیاسیدا، وەك رابەرو بناغە داڕێژەری هەمان فیکرو دامەزرێنەری (ئیخوان موسلمین).

هەوڵ دەدەین ژیان و فیکرو ئەو ژینگەیەی کە حەسەن بەننا سەری تیا دەرهێنا، هەروەها ئەو ڕەوت و ڕێبازەی کە ئەو برەوی پێداو پاشان بووە رێچکە بۆ چەندین بزوتنەوەی سیاسی ئیسلامی لەجیهاندا، بخەینە بەرباس.

فیکری حەسەن بەننا دەکرێت زۆرترین بابەتی لەسەر بنوسرێ بۆ ئەوەی کاکڵەو مەغزای بیروکردەوەکانی باشتر لای خوێنەری کورد ئاشکرا بکرێت تا هەمووان لەو





ڕاستییە تێبگەن کە ئایا ئیسلامی سیاسی و بزوتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی، دیاردەو بزوتنەوەی سروشتی و مێژووکردن یان بە پێچەوانەوە دیاردەو بزوتنەوەی چێنراو و دەستە چیلەو دەستچنی ئەم و ئەون؟!.



خانووەکەی حەسەن بەننا



خوێندنەوەیەک بۆ فیکری حەسەن بەننا

## زەمینەی سەرهەڵدانو پەیدابوون

لەسەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەم، میسر باوێشکیدەداو خەریکبوو پاش شکستە دڵتەزێنەکەی عەرابییەکان سەرلەنوێ هەناسەی دەدایەوە، بەکورتی میسر خۆی دەدۆزییەوە، خۆی بەدیدەهێنا، یان لانی کەم ئەو توانایەی بەدەستدەهێنا کە بڕیاری هەستانەوە بدات[1].

سەرەتای سەدەی بیستەم وەك دکتۆر رەفعەت ئاماژەی پێدەکات میسر لە هەلومەرجێکی ناسكو چارەنوسسازدا ژیانی دەگوزەراندو لە لێواری گۆڕانێکی ڕیشەیی مەزندابوو لەسەرجەم ئاستەکاندا، بەپێی فەراهەمبوونی زەمینەی گۆڕان هاووڵاتیانی میسری لە ئامادەکردنی تەدارەکی نیشتمانیدا بوونو کێرڤی هەڵچونی جەماوەری بەرەو رووی دەسەڵاتی داگیرکاریدا، لەبەرز بوونەوەدا بوو.

لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەژموونی فیکری و (دژی ئیستعمارو بێگانە) بەتەواوی باڵی بەسەر میسردا کێشابوو، لێرەو لەوێش گرەو لەسەر بزوتنەوەی جەماوەری و نیشتمانی کۆمەڵانی خەڵکی میسر دەکران لەسەر





گەیشتن بە ئامانجەکانی، هەر لەو سەرو بەندەدا بوو لەسەر ڕووبەری نەخشەی سیاسی میسردا جوڵانەوە رادیکاڵو نیشتمانیەکان بەئاراستەی رزگاری نیشتمانی و دیموکراتی شێلگیرانە کاریاندەکرد.

کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی دەروازەیەکی فراوانی لەبەردەم زۆرێك لە نەتەوە ژێردەستەکان واڵاکردو رزگاریانبوو لە حاکمیەتی داگیرکاری تەقلیدی چەند سەد ساڵە. سەرکەوتنی بزوتنەوەی کەمالیو ئاوابونی خۆری یەکجاری دەسەڵاتی چوار سەد ساڵی ئیمپراتۆری عوسمانی، شەپۆلێکی نوێی بیری رزگاری لە زۆرێك لەوڵاتە داگیرکراوەکاندا پێکهێنا, لێرەدا حەقی خۆیەتی ئاماژە بەسەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەریش بکرێت وەك باهۆزێکی ئایدۆلۆژی چەپی رادیکاڵ کە کاریگەری بەرچاوی لەوڵاتە جۆراو جۆرەکاندا دروستکرد.

میسر بەپێی پێگەی جوگرافی و ستراتیژی و رۆڵی مێژوویی خۆی، کاردانەوەی هەموو ئەو شەپۆلە جیهانییە نوێیانەی بەئاسانی بەسەرەوە هەستپێدەکرا.

میسر وەك ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتی فراوان لەژێر کاریگەری دووکەلتوری جیاواز ژیانی دەگوزەراند، لەلایەك کەلتوری دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی کە بارگاویبوو بە فەرهەنگی چواردە سەدەی ئیسلامی کە زۆر بەچاکی ڕەگ و ڕیشەی لەمێشك و دەرونی تاکی میسریدا داکوتابوو، هەروەها لەلایەکی دیکەوە فەرهەنگی خۆرئاوایی لەڕێگەی داگیرکاری و کۆلۆنیکردنەوە کەمێك گۆڕانی مەدەنی و خزمەتگوزاری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، بەڵام ئەم کەلتورە نوێیە، ڕەگی قوڵی لەنێو کۆمەڵگەدا نەبوو، بەڵکو زیاتر لەنێوەندی توێژە روناکبیرو دەستە بژێرەکانی (نخبە) میسردا بوونی هەبوو.

زۆرتر کۆمەڵگەی میسری پابەندی کەلتورو فەرهەنگی ئیسلامی بوو، هەربۆیە ئەم بیروباوەڕە ببووە پاشخانی بزوتنەوە دژی ئیستیعمارییەکان و بەشێکیش لە سەرکردەو سەرانی





ئەوسای میسر خەونیان بەوەوە دەدی کە رۆژێك لە رۆژان ببنە خەلیفەی موسڵمانان، ئەو ڕاستییە زۆربەرروونی لە هەڵسوکەوتەکانی (شا فوئاد)دا دەردەکەوێت، (شا فوئاد) خۆی بەجێگرەوەی خەلیفەی موسوڵمانان دەزانی و هەرواش خۆی پێناسە دەکرد.

ئاوابوونی خۆری دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی لەو ناوچانەی لەژێر ڕکێف و قەڵەمڕەویی ئەودا بوون بۆشاییەکی گەورەی ئایدۆلۆژی و سیاسی وای پێکهێنا کە کۆمەڵگەکانی عەرەبی و بەتایبەتی میسری خستە ناو بازنەیەکی بۆشەوە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە و دروستکردنی ئەلتەرناتیڤێك شتێکی ئاسایبوو لەو قۆناغەدا چەندین رەمزو بیرمەند سەر هەڵبدەن.

ئەڵبەتە سەرەتا ئەو دیاردەیە بەناوی ریفۆرمی ئاینییەوە پەیدابوو، ئەمیش گەرەکی بوو رواڵەت و روخسارێك ببەخشێتە ئایین، کە هیچ نەبێت کەمێك لەگەڵ رەوتی رووداو گۆڕانکارییەکاندا بگونجێت، بێگومان بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی لە جەمالەدینی ئەفغانییەوە دەستپێدەکات، پاشان وردە

وردە لایەنگرو هەواداری بۆ دروستدەبێتو (محەمەد عەبدە)ش لەمیسر دەبێتە یەکێك لە درێژە پێدەرانی ریفۆرمخوازی..(محەمەد عەبدە لە ساڵی 1849 لە گوندێکی سەر بە پارێزگای (ئەلبوحەیرە)ی میسر لە دایکبووە) لەساڵی 1871 بۆیەکەمجار چاوی بە جەمالەدینی ئەفغانی کەوتووەو پەیوەستبووە بە بیرو باوەڕەکەی و پرۆژەکەیەوە، محەمەد عەبدە جگە لەوەی لەسەردەمی خۆیدا دەبێتە رەمزێکی بەرچاوو، پرۆژە ریفۆرمییەکەشی لە سێ خاڵدا بەرجەستە دەکات:

**<u>یەکەم:</u> ریفۆرمی ئایینی ـ بەمانای ئازادکردنی فیکر لەکۆیلەیی و لاساییکردنەوە.**

**<u>دووەم:</u> ریفۆرمی زمان ـ بەمانای پێداچوونەوە بەزمان و ئەدەبیاتی عەرەبیداو وازهێنان لەنووسینی تەقلیدی و کۆن.**

**<u>سێهەم:</u> ریفۆرم لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی[2].**

هەوڵو کۆششەکانی محەمەد عەبدە لەو کاتانەدا بۆ ئەوە بوو، کۆمەڵگا رزگار بکات و شێوە بیرکردنەوەی کۆنو باوی ئیسلامی واز لێبهێنرێت و لەجیاتی ئەوە بزوتنەوەیەکی





چاکسازی پێکبێت لە جیهانی ئیسلامیدا. بیرکردنەوەی ئەم پیاوە پاش چەند ساڵێك گەڕانو مانەوە لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا، گۆڕانێکی یەکجار ریشەیی بەسەردا هات، هەر بۆیە دەڵێ: (کارکردن بۆ وەدەرنانی بەریتانیا لەوڵاتدا، ئەرکێکی زۆر گەورەیە، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بەدی بهێنین پێویستە زۆر بەسەلیقەیی و شارەزاییەوە کاری درێژخایەن بکەین، ئەمەش ڕەنگە چەندین سەدە بخایەنێ)[3].

پاش ئەو گۆڕانەی بەسەر (محەمەد عەبدە)دا هات. کە ببووە رابەرێك لەسەردەمی خۆیدا، بیروباوەڕەکەشی لەدووبەشی سەرەکیدا چڕبونەوە:

**<u>*یەکەم:*</u> پاراستنی جەوهەری ئیسلام.**

**<u>*دووەم:*</u> دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ئیسلام لە کۆمەڵگەدا.**

کاریگەرییەکانی فیکری ئەم بیریارە ئوسوڵیە لە کۆمەڵگەی میسردا زۆر بە ئاشکرا هەستی پێدەکراو پاشان جۆرە پێڕەوو رێبازێکی لەو بوارەدا هێنایە ئاراوە کە چەندین کەس بوونە قوتابی و مورید و درێژەیان بەبیرکردنەوە و پرۆژەکانی ئەو دەدا.

محەمەد رەشید رەزا کە بەڕەچەڵەك لوبنانییە خۆی بەدەرویش و قوتابی (محەمەد عەبدە) دەزانێت و سەرجەم نوسین و بەرهەمەکانی عەبدەی کۆکردۆتەوە پاشان لەسەر میتۆدی مامۆستاکەی کاری شیلگرانە دەکات و، پوختەو جەوهەری ڕێبازەکەی خۆیشی لە چەند بنەمایەکدا کۆدەکاتەوە وەك: (هەوڵبدرێ بنەماکانی شەریعەت بکرێتە سەرچاوەی هەر چەشنە بڕیار و یاسایەك و لەوێوە هەڵبهێنجرێ و بەتەواوی کۆمەڵگە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی شەریعەت)[4]. هەروەها ئەم پیاوە پێش روخانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی بە ئاشکرا دەیوت (خەلافەتی عوسمانی بەهەموو کەم و کوڕییەکانیەوە دەبێت بمێنێتەوە و تەنها شتێکە کە سەربەخۆیی سیاسی موسڵمانانی پاراستووە و ئەگەر ئەو دەسەڵاتە نەمێنێ موسڵمانان هەموو شتێك لەدەست دەدەن)[5].

محەمەد رەشید رەزا لە تێڕوانین و کارکردنەکانیدا پشتی بەبنەما سەرەکییەکانی فیکری محەمەد عەبدە بەستبوو، هەرچەندە دواجار لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا نەبوو کە بەسەر فیکری





عەبدەدا هاتبوو، بۆیە لەکۆتایی ڕێدا لادانێکی جەوهەریکرد لەو میتۆتەدا. ئاراستە فیکرییەکانی قۆناغی ئەوسای میسر بەسەر سێ بەرەی سەرەکیدا دابەش دەبوون:

**_یەکەم:_ کۆنەپەرستان کەشێخەکانی ئەزهەری دەگرتەوە.**

**_دووەم:_ نوێخوازەکان کە بریتیبوون لە شێخ محەمەد عەبدە و قوتابییە ڕووناکبیرەکان.**

**_سێیەم:_ نوێخوازە موحافیزکارەکان کەشێخ رەشید رەزاو قوتابیەکانی دەگرتەوە.**

(شێخ رەشید) کە سەر بەئاراستەی سێیەمبوو، هەم دژی زاناکانی ئەزهەر بوو هەم دژی فەرهەنگی خۆرئاواش، هەر بۆیە زۆر بەتوندی هێرشی دەکردە سەر ئەو بیرکردنەوانەو دەیوت (زۆر شێتییە هەوڵبدرێ پایە ئایینی و مێژووییەکانی ئومەی ئیسلام بخەینە لاوەو بگۆڕدرێ بە ئومەیەکی تر)[6].پاشان لەجێگایەکی تردا بەرگری سەرسەختی لەدەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی دەکات و دەڵێ (خەلافەت ئەو دەوڵەتە نمونەییەیە، کە بەبێ ئەو بارودۆخی مرۆڤایەتی چاکنابێت)[7].

ئەم بیروبۆچوونانە لەکۆمەڵگەی میسریدا وردە وردە هەوادارو لایەنگری بۆ پەیدابوو بەپێی ئەو زەمینە ماددی و کۆمەڵایەتییەی کە ئیسلام لەو کۆمەڵگەیە بەدەستیهێنابوو. ئەو ململانێ فیکری و ئایدۆلۆژییەی لەنێوان باڵو ئاراستە جیاوازەکاندا بەرپابوو، بوو بەهۆی سەردەرهێنانی چەندین قوتابی و لایەنگری سەرسەخت کە دواجار کەسانێکی وایان تیدا هەڵکەوت بوونە سونبلی دیاردەی ئوسوڵی ئیسلامی.

ئەگەرچی لەپاڵ ئەو میتۆدە دۆگماتیزمەی ئوسوڵی ئیسلامیدا کەسانێکی واش هەبوون کە گەرەکیان بوو لە ناو بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی شێوازێکی بنەڕەتی و ریشەیی دروستبکەن کە هەماهەنگی و گونجاو بێت لەگەڵ پێشکەوتنە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی دنیای سەردەمدا، بەڵام تێگەیشتن و عەقڵی باوی سەردەم هەرگیز نەیدەتوانی ئەو گۆڕانە یاخود ئەوراستییە قبوڵبکات، لەو سەرو بەندەدا یەکێك لە بیریارە هەرە دیارەکانی ئیسلام کە ئەو کاتە یەکێك لە قازییە گەورەکانی میسر بوو بەناوی (شێخ عەلی عەبدولڕازق)، کە





کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی (ئیسلامو بنەماکانی فەرمانڕەوایی)، نوسینی ئەو کتێبە لەو قۆناغەی ئەوسای میسردا دەنگدانەوەی زۆری دروستکردو لەلایەن ئەزهەرییەکانو قوتابییە توندڕەوەکانی بیری ئوسوڵیەتەوە ئەو پەڕی دژایەتیکرا.

شێخ عەلی عەبدولڕازق لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات (کە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی قورئانو سوننەدا گونجاون، ئایین کارێکی روحییە و پەیوەندیی بەدەسەڵات و سیاسەتەوە نییە، پەیامەکەی محەمەد پەیامێکی ئایینیە و دوریشە لەشێوازی حوکمڕانی)[8].

جەختکردنی خەڵکانی نوێخوازی وەکو (شێخ عەلی عەبدولڕازق) لەسەر کۆتاکردنی (دەسەڵاتی خەلیفە و خەلافەت) لە ئایینی ئیسلامداو دانانی ئیسلام وەك بیروباوەڕێکی رۆحی، وای لە دەسەڵاتدارانی میسرو هەندێك لەلایەنگرانی ئوسوڵیەتکرد لەوانە (محەمەد رەشید رەزا) کەزۆربە توندی روبەڕووی پڕۆژەکەی (عەلی عەبدولڕازق) ببنەوە هەر لەمبارەیەوە خودی ڕەزا دەڵێ: کتێبەکەی عەبدولڕازق

هەوڵێکی دوژمناکارانەیە بۆ لاوازکردنی ئیسلام، ئەوە بوو دواجار لەسەر نوسینی ئەم کتێبە شێخ عەبدولڕازق پلەی (قازی شەرعی) لێ سەندرایەوە و لە ئەزهەریش دەرکرا.

(محەمەد ڕەشید ڕەزا) کە یەکێك بوو لە رابەرەکانی بیری ئوسولێەت، توانیی لە ڕێگەی گۆڤاری (المنار)ەوە بیروباوەڕو پرۆژەکانی خۆی بەباشی بڵاوبکاتەوە و ئیدی ئەو گۆڤارە چەندین خوێنەرو هەواداری بۆ پەیدابوو.

(شێخ حەسەن ئەحمەد عەبدولڕەحمان) کە گەنجێکی خوێندکاری ڕێبازی سۆفیگەری بوو، یەکێك لە خوێنەرە شێلگیر و بەردەوامەکانی ئەم گۆڤارە بوو.

ئەم گۆڤارە، پێبەپێی لەگەڵ فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوسای میسردا، بوو بەو چوارچێوە میتۆدیە بەرچاوەی کە دەستی باڵای هەبوو لە دروستکردنی ئەم (شێخ حەسەن ئەحمەد عەبدولڕەحمان)ە گەنجەدا. ئەوە بوو دواجار ئەم گەنجە بووبە رەمزی هەرە دیاری بیری ئوسولێەت و دیاردەی ئیسلامی سیاسی لەجیهاندا.





# ژیان و فیکری حەسەن بەننا

حەسەن عەبدولڕەحمان ئەلبەننا لەساڵی 1906 لە گوندی (ئەلمەحمودیە)ی سەر بە پارێزگای (ئەلبوحەیرە) لە دایکبووە،، باوکی یەکێك لە قوتابییە دیارو بەرچاوەکانی (محەمەد عەبدە) بووە، حەسەن بەننا هەر لە منداڵییەوە لە ژینگەیەکی تەواو ئایینیدا پەروەردە بووە و هەر لە زوویشەوە خراوەتە بەر خوێندنی ئایینی و چووەتە حوجرە و پاشان چووەتە قوتابخانە. دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، لە خوێندنگای (دەمەنهور) وەرگیراوە هەر لەو ماوەیەدا بەتەریقەتی سۆفیزم ئاشنادەبێت کە بە تەریقەتی (ئەلحەسافیە) ناسراوە. حەسەن بەننا لەبەر شارەزایی و لێهاتوویی و پابەندی بوونی تەواوی بەو ڕێبازەوە، لەساڵی 1922دا، پلەکەی (لەلایەنگری تەریقەتەوە) بەرزدەبێتەوە بۆ (ئەندامی کارا)و مۆڵەتی ئەوەی پێدەدرێت بەناوی تەریەقەتی ناوبراوەوە بانگەشە بکات.

ئەو پیاوە هەر لە منداڵیەوە بەهاندانی باوکی قورئانی پێ تەواوکراوە و بەتەواوی ڕەنگ و رواڵەتی پیاوی ئایینی لەڕووی نیشتووە، حەسەن بەننا زۆر هۆگرو پابەندی ئەرکە دینییەکان





بوو، جگە لەمانگی رەمەزان، مانگەکانی رەجەب و شەعبانیش بە رۆژو دەبوو، هەروەها لەناو زۆرێك لە کۆڕە ئایینیەکاندا ئامادەیی بەرچاوی هەبووە و بەبەردەوامی خۆی لەسەر خەڵوەت و ریازەت راهێناوە و زۆرترین وەختیشی لە مزگەوت بەسەر بردووە. ساڵی 1927 خوێندنی مامۆستایی تەواو دەکاتو هەرهەمان ساڵیش رێکخراوی (لاوانی موسڵمان) یان (کۆمەڵەی لاوانی ئیسلامی) دروستدەکات، کە زۆرجار بەیەکەمین رێکخراوی سیاسی ئیسلامی دەدرێتە قەڵەم.

حەسەن بەننا لە تەمەنی سیانزە ساڵییەوە ئاگاداری ئاڵوگۆڕی رووداوەکانی ئەوسای کۆمەڵگەی میسر بووەو لەکاتی داگیرکردنی مەحمودییەدا لەناو واقیعەکەدا بووە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە تیکەڵی بزوتنەوە نیشتمانی و دیموکراسیەکان ببێت، بەڵکو لە جیاتی ئەوە، لەناو فەزاو کەشی ئاییندا نوقم ببوو زیاتر وەك سۆفی تەکیەو خانەقا بەرجەستە دەبوو.

ئەم پیاوە لەگەڵ گەورە بوون و بەرەوپێشچوونیدا تا دەهات دیاردەی نوێی تێدا دەردەکەوت.. لەلای پیاوە ئایینی و

بەساڵاچووەکان بەدوای پرس و راوێژدا دەگەڕا، هەر لەو نێوەندەدا لە (کتێبخانەی سەلەفی) (محی الدین الخطیب)ی ناسی کە بەڕێوەبەری کتێبخانەکە بوو. پاشان هەر لەو سەروبەندەدا شێخ رەشید رەزای رابەرو مامۆستاشی ناسی و دواجار لەگەڵ فەرید وەجدی و ئەحمەد تەیمور ئاشنایەتی پەیداکرد، لەو هەوڵی ناسینەدا مەبەستی بوو لەوانەوە رێگایەکی نوێ وەربگرێت و بیکاتە رێبازی کارکردن[9].

حەسەن بەننا خوێنەرێکی جدی و بەردەوامی گۆڤاری (المنار) بوو بەتەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو بۆچوونانەی، لەوێدا بڵاودەکرانەوە. ئیدی لێرەوە بوو بە قوتابی و موریدی شێخ رەشید رەزای خاوەنی گۆڤارەکە و زۆر چالاکتر لە جارانبووە بڵاوکەرەوە و بانگەشەکەری بیروبۆچون و رێبازی ئەم پیاوە. (حەسەن بەننا) لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندندا، بەشداریی جدیکردووە لە پێکهێنانی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی ئەوسادا کە لەژێر ناوی جۆراو جۆردا (دامەزراون) وەك: (فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپە، کۆمەڵی ئەلحەسافیە...هتد)





بەشداری ئەو لە زۆرێك لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسادا، لە شوێنگەی پیاوێکی سۆفی و ئایینیەوە بووە و بەدرێژایی تەمەنی هەرگیز وەك تاکێکی نیشتمانی دەرنەکەوتووە و لە هیچ قۆناغێکی مێژووی میسردا بەو شێوەیە پێناسە نەکراوە، هەر بۆیە دواجار زۆربەتوندی دژی بزوتنەوە دیموکراتی و نیشتمانیەکان وەستایەوە و بەلایەنگری رۆژئاواو بێباوەڕو کافر دانیە قەڵەم، (حەسەن بەننا) ساڵێك دوای تەواوکردنی خانەی مامۆستایان ئەحمەد سوکەری و پێنج کەسی تری هەواداری هەمان بیروبۆچونی خۆیانی ناسی و لەئەنجامدا دوای ماوەی ساڵێك کارکردن لە شاری ئیسماعیلیە یەکەمین ناوکی رێکخراوێکی سیاسی ئیسلامیان دانا بەناوی (رێکخراوی ئیخوان موسلمین) ئەم پێنج کەسە کە لەساڵی 1928دا، لەگەڵ حەسەن بەننادا ئەو رێکخراوەیان دروستکرد هەمان خەڵکان بوون کە لە رێکخراوی (ئەنجومەنی لاوانی موسڵمان)دا کاریان دەکرد[10].

ئەڵبەتە دوای پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە (حەسەن بەننا) بەشێوازێکی سیستماتیکی کەوتە جموجوڵ و چالاکی بەردەوام و چوار پێگەی کۆمەلایەتی دیاریکرد بۆ مەیدانی کارکردنی راستەقینەی خۆی:

***یەکەم:*** **زاناکان.**

***دووەم:*** **شێخەکانی تەریقەتی سۆفیگەری.**

***سێیەم:*** **یانەکان.**

***چوارەم:*** **گەورە پیاوان**[11] .

بۆ مامەڵەکردنیش لەگەڵ هەریەکێك لەم ناوەند و پێگانەدا جۆرە هەڵسوکەتێکی تایبەتی دەستنیشانکرد و ئیتر دەستیکرد بەپیادەکردنی بەرنامەکانی.

لەڕاستیدا حەسەن بەنناو هاورێکانی، لەبەرئەوەی وەکو پیاوی ئایینی ناسرابوون، تاقە پێگەی هێزی ئەوان بۆ چاندن و بلاوکردنەوەی فیکرو ڕێبازی ڕێکخراوە سیاسییەکەیان، تەنها مزگەوت بوو، ئەمەش ڕەنگە باشترین شوێن و جێگایەك بووبێ کە ئاسایش و ئارامی تێدا بەرقەرار بووبێ و کەمترین چاوی





پیاوانی ئاسایشی ئەوسای لەسەر بوو بێت، جگە لەوەش، ئەو قسەو وتانەی لە مزگەوتەوە دەکرێت، بەهۆی ساکاریی خەڵکی مزگەوتەوە زووتر کاریگەریی خۆیان دروستدەکەن، هەر بۆیە دوای تێپەڕینی چەندین دەیەش هێشتا هەر کارکردن لەمزگەوتەکاندا نەریتێکی ڕێکخراوەیی سیاسی باوە لەلای ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی.

بەهەرحاڵ پاش پێکهێنانی (ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین) فیکرو بیرکردنەوەی حەسەن بەننا لە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی سیاسیدا باشتر بەرجەستە بوو، بەڵام بەتێپەڕبوونی زەمان، لایەنە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەکانی میتۆدەکەی باشتر روونبوونەوە.

## شێوازی پەروەردەیی لەفیکری حەسەن بەننادا





گوێڕایەڵی کە یەکێکە لە بنەماکانی بانگەشەکە“ بریتییە لە ملکەچبوون بۆفەرمان و دەسبەجێ بەئەنجام گەیاندنی، لەخۆشی و ناخۆشی و قایلی و ناقایلیدا...سیستەمی **بانگەشەکەش لەلایەنە رۆحیەکەوە سۆفیگەریەکی پوختەو، لەلایەنە کردارییەکەوە سەربازییەکی پوختە، دروشمیش هەمیشە بریتییە لە فەرمان و گوێڕایەڵی بەبێ دوو دڵی و پاشگەزبوونەوە و گومان و سڵکردن**[12].

ئەمە پوختە و جەوهەری بیرو بۆچونێك بووە کە هەر لەسەرەتاوە ئەندامانی گروپی (ئیخوان موسلمین)ی پێگۆشکراوە و پەیامێك بووە هەمیشە وتراوەتەوە هەروەها چەمك گەلی: (ملکەچبوون، بە ئامێر بوون، روتبوونەوە لەهەستو نەست)یش، سەرەکیترین پێکهێنەری پایە بنەڕەتیەکانی ئەم گروپە بووە. خودی حەسەن بەننا هەر لەسەرەتاوە لەفەزایەکی ئاییینیدا گۆشکرابوو، هەمیشەش لەناو کەشی سۆفیگەری و زیکری شەوانەدا ژیانی بەسەردەبرد، دوای دروستکردنی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین بەردەوام گەرەکیبوو

**پەروەردەیەکی ئایینی (ئەڵبەتە بەو شێوازەی کە خۆی دایهێنابوو) ببەخشێتە پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردەی ئەندامانی ڕێکخراوە سیاسییەکەی. ئەم پیاوە ئەگەرچی لەڕێی داڕشتنی بەرنامەکانی ئیخوانەوە هەندێك گۆڕینی بنەڕەتی لەزۆرێك لە بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا ئەنجامدابوو، بەڵام هەمیشە لە بانگەوازەکانیدا دوپاتی دەکردەوە کە ئەوان پابەندی قورئان و سونەتن.**

**(کاری دەستپێك و سەرەتای پرۆسەی پەروەردەی حزبی لەڕێگەی کۆبونەوە و سەردان و وانە ئایینییەکانەوە و قۆرخکردنی مزگەوتەکان و بەکارهێنانی بۆ مەرامە دیاریکراوەکان بووە. هەروەها دەیانویست لایەنگرانی خۆیان بەدیدی ئایینی رابهێنن و کەسانێکی وا بکەنە ئەندام و کادر کە تەواو ببێتە تاکێکی کۆیلە و دەستەمۆکراو).**

**ئەوەی ئەوان لە کەسێك یاخود لە ئەندامێکی خۆیانیان گەرەکە ئەوەیە: بیکەنە ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەو پرۆژەکانی ئیخوان و هەموو ڕێنمایی و ئاراستەیەك**





**لەسەرکردایەتی ئیخوانەوە وەربگرێت و رابەرەکەشی لە جێگای پێغەمبەر تەماشا بکات، راستی و دروستی ئەم حاڵەی وەك پێغەمبەر تەماشکردنەی رابەر لە هەڵسوکەوتی ئەوەڵ تا ئەخیری ئەندامانی ڕێکخراوی ئیخوانا، نەشاردراوە بووەو دواتریش بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی بەیەکجاری ئەم نەریتەی پیادەکردو چەسپاندی. حەسەن بەننا لە نامیلکەی (العقائد)دا باس لە بیرو باوەڕی تاکی ئیسلامی دەکات کە دەبێت چۆن خۆی ئامادە بکات لەڕووی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی موسڵمان و لەئاستی جێبەجێکردنی داواکانی ئیسلامدا بێت و ئیسلامیش لەلای (حەسەن بەننا) واتە: ئیخوان.**

**هەر لەو نامیلکەیەدا بەپێی بەرژەوەندییەکانی فیکری ئوسولێیەت شەن و کەوی زۆر لە ئایەتەکانی قورئان دەکات. یەکەمین هەنگاوی حەسەن بەنناو هاوبیرانی بۆ ڕاهێنان و پەروەردەکردنی تاکی کۆمەڵ و دواجار کردنیان بەئەندامی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین بۆ ئەوە بووە: بیانکەن**

بەکۆیلەو..ئەوان هەر لە سەرەتای دروستبونیانەوە، هەولّیانداوە تاك وا لێبکەن وابەستەیەکی روحی و گیانی هەبێت بەئیخوانەوە و پێبەپێی ئەو بنەمایانە هەڵسوکەوت بکات کە لە قورئانو شەریعەتداو لە خزمەت بەرژەوەندیی ئیخواندا گوڵبژێریانکردووە و هەمیشە ئامادەبێت بۆ دژایەتیکردنی هەر پێش کەوتنێکی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری، هەمیشەش کارکردن لەسەر گومان و دوو دڵیبووە بەرامبەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کەللە ڕەقی و سەرسەختی نواندنیان کردۆتە سەرمەشق و دەستەواژەی (کافرو دوژمن بەخودا) ویردی سەرزاری هەریەکەیانبووە.

بەلای کۆمەڵی ئیخوانەوە، هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنێك لە جیهاندا دژایەتیکردنی موسڵمان و بەرنامەی ئیسلامە و هەرگیز نابێت بزوتنەوەی دیموکراسی و ئازادیخوازیی و رۆشنگەری لەکۆمەڵگەدا جێیان بۆ چۆڵبکرێت و پێویستە هەموو ئەو بیرو پێشکەوتنانەی کە بە قەولی ئەوان لەگەڵ خۆرئاوا هێنراون و کۆمەڵگەی ئیسلامی پێیان نامۆیە،





دوربخرێنەوە، لەجیاتی ئەوانە بگەڕێینەوە بۆ بیری ئوسولیەت و هیچ چەشنە خۆ گونجاندێك لەگەڵ دنیای نوێدا قەبوڵ نەکەین، چونکە شتی وا لادانە لەرێبازی خوداو پێغەمبەر، بەمشێوەیە ئیخوانیەکان ویستویانە هەژمونی فیکری و ئایدۆلۆژی بخەنە سەر ئەندام و لایەنگرانیان و لەوێشەوە کۆمەڵ بەیەکجاری جلەو بکەن.

حەسەن بەنناو هاوڕێکانی لە کۆمەڵی ئیخوان موسلمین، بۆ دارشتن و بەرنامەڕێژی پرۆسەی پەروەردەی حزبی کادر و ئەندام و لایەنگرانیان، بیست خاڵی بنەڕەتیان داناوەو وەك چوارچێوەیەك بۆ کارکردن و ئامادەکردنی تەواوی کۆمەڵ و گەیشتن بەئامانجەکانیان،[13] خاڵەکان بە زەقی ئەوەیان تێدا بەیانکراوە کە تاکی موسوڵمان چۆن خۆی پەروەردە بکات لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سایکۆلۆژیشەوە، بەجۆرێك کە بتوانێ بەتوندی بەرهەڵستی دنیای نوێ و بیری نوێ بکات، واتا لای ئیخوان پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندن، ئامادەکردنی تاکی موسڵمانە لەڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە بۆ

ئەوەی لەم دنیا رۆڵی راستەقینەی خۆی لە وابەستەبوون بەدژایەتیکردنی نویێ گەریدا کورت بکاتەوە و بەرامبەر بەقەبوڵکردنی ئەو زەلیلی و نەهامەتییەشی لەو دنیا پاداشتی خۆی وەربگرێتەوە، ئەمە جەوهەرو کرۆکی میتۆدی پەروەردەییە لای کۆمەڵی ئیخوان کە بە درێژایی تەمەنی کارکردنیان نەیانتوانیوە لێی دەربچن.

بەشێك لە گەنجە موسوڵمانەکانی میسر، پێش پەیدابوونی کۆمەڵی ئیخوانی موسلمین لە بڕوایەکدا بوون کە بەنەمانی خەلافەتی ئیسلامی کەسایەتی مرۆڤی موسڵمان تێکشکاوە و پێویستە جەماعەتێك پەیدا ببێت کە پایەو کەرامەت بۆ ئەم کەسایەتیە تێکشکاوە بگەڕێنێتەوە، بێگومان مەبەستیان لەخەلافەتی ئیسلامی، (خەلافەتی عوسمانی) بوو. ئەم گەنجە موسڵمانانە سەرهەڵدانی رۆشنگەریشیان بەسەرچاوەو هۆکاری تێکشکانی کەسایەتی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە دەزانی.

ئەوەتا لەم پەرەگرافەدا بەروونی ئەم مەسەلەیە باسکراوە (لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هات





هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خیلافەت و دابڕانی موسڵمانان لەیەکترو بڵاوبوونەوەی جۆرەکانی خراپەو فیکرە وێران کارەکان، پێشەوا بەننا هەستو سۆزی جوڵاو غیرەتی ئیسلامی تیا هاتە جۆشو کەچی بکات تا داهاتوی پڕ شکۆ بۆ موسڵمان بگەڕێتەوە و ڕزگاریان بێت لەژێر چنگی ئیستیعمار و ئەڵقە لەگوێکانی، بۆیە دوای دروستبوونی بناغەیەکی پتەو بۆ بانگەواز و پەیداکردنی کەرەستەی خاو، پێشەوا چەند هۆکارێکی دانا تا ئەندامان زیاتر گەشە بکەن و ئەرکی قورسی ئەستۆیان بەباشی و لێزانانە بەجێبهێنن)[14].

بۆ باشتر چەسپاندنی سیستەمی پەروەردەی حزبی (حەسەن بەننا) فۆڕمیکی تایبەت و دیاریکراوی پێشنیازکرد تا لە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی تردا پرۆسەی پێگەیاندن بەڕێوەبچێت. ئەویش بەدارشتنی حەوت خاڵی سەرەکی[15] کە لەیەکەمین هەنگاودا لە بۆتەی خێزانەوە کە یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە دەستپێدەکات تا ئورگانە جیاجیاکانی کۆمەڵی ئیخوان.

بەکورتی پرۆسەی بارهێنان و پەروەردەکردنی تاکی کۆمەڵ لەسەر بنچینەیەك نەبووە، کە ئەو تاکە هەست بەبوونی کۆمەڵایەتی خۆیبکات بەڵکو رووتکردنەوەیەکی ئاشکرا بووە لەهەستو نەستی مرۆیی خۆی و رۆبۆ تیژەکردنی بەئاراستەی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی جەماعەتی ئیخوان، ئەو ئامانجانەش ئەوەندەی لە خەیاڵی قەبرو ئاخیرەتی مرۆڤدا بووە، ئەوەندە لەخزمەتی ژیانی عەمەلی واقیعی مرۆڤدا نەبووە. لەلایەکی دیکەشەوە پرۆسەی پەروەردەی حزبی لەلای جەماعەتی ئیخوان تێکەڵە یەك نەبووە لە بیری نیشتمانی و ڕزگاریخوازی کە ئەوسا بۆ میسر زۆر گرنگبووە، دەبوایە ئەو لەویەت لە خەباتو تێکۆشاندا ڕزگارکردنی میسر بێت لەدەستی کۆڵۆنیالیزم، نەك دورخستنەوەی تاك لە ئەرکە نیشتمانییەکانی ئەو قۆناغەیدا..



خوێندنەوەیەک بۆ فیکری حەسەن بەننا

# حەسەن بەننا و بزوتنەوەی نیشتمانی

لە میسری سەرەتای سەدەی بیستەمدا بزوتنەوەی نیشتمانی دژی کۆلۆنیالیستی تادەهات لە جۆشو خرۆشێکی زیاتردا بوو. هەروەها لەتەك ئەو بزوتنەوەیەدا جولانەوەیەکی شارستانی بەتین سەرتاپای شارەکانیی ئەو ولاتەی تەنیبۆوە، ڕابەرانی ئەو بزاڤە شارستانیە لەبواری خۆیاندا هەوڵیانداو بەشێك لە هیواو ئومێد لە ویژدانی ئەم گەلەدا زیندو بکەنەوە[16].

هەر لەو سەردەمانەدا بوو کە حزبە سیاسییە نیشتمانییەکانی میسر لەمەیدانی سیاسەتی کۆمەلایەتیدا هەنگاوی بەرچاویان دەهاویشت و لەتەك ئەو بزووتنەوە و جوولانەوە شارستانییە دژی کۆلۆنیالیستیەدا کە وەکو بزووتنەوەیەکی رۆشنگەری سەریهەڵدابوو، ببوونە سیمای هەرە دیاری ئەوسای کۆمەڵگەی میسری.

ئەم حاڵەتە کە لەو کۆمەڵگەیەدا دروستببوو، لەلایەن کۆنەپەرستان و هەوادارانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانییەوە زۆر دژایەتی دەکراو، بەشێوازی جیاجیا تۆمەتبار و ناوزراو دەکراو بەسەرچاوەی بلاوکردنەوەی کوفر و بێباوەڕی دەدرایە قەڵەم.





تاوانبارکردنی بەکوفور و بێباوەڕی، (کوفرکردن)یش دەبێتە چەکی سەرەکی بۆ تۆقاندنی هەر کەسێك کە وشەیەکی نوێ بڵێت یان هەوڵی بۆ بدات[17].

لەڕاستیدا ئەوانەی دژایەتی ئەم هەڵمەتی نوێ گەرییەیان دەکرد، هەوادارانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانیبوون و فرمێسکیان بۆ روخان و لەناوچونی ئەو خەلافەتە هەڵدەڕشت و گەرەکیانبوو جەنگێك بەرپا بکەن (بەوتەی خۆیان) دژی لادان و بێباوەڕی.

هەر لەپاڵ ئەو ململانێ و کێ بەرکێیەدا کەسانێکیش لەناو پێگە ئایینییەکەدا هەبوون کە خوازیاری ئەوە بوون ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەکان بۆ خەڵك روونبکەنەوە، وەك شێخ عەلی عەبدولڕازق و شێخ تەها حسێن، بەڵام بەداخەوە ئەوان لەئەنجامدا دوچاری نارەحەتی و نەهامەتییەکی زۆر هاتن لەسەر دەربڕینی بیروباوەڕ و ڕاستییەکان. هەژمونی فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی هەندێکجار کاریگەری لەسەر بەشێك لە پیاوە نیشتمان پەروەرەکانیش

دادەنا، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتی و پیاوە نیشتمان پەروەرەکان هەرزوو دەرکیان بەو ڕاستییە کرد کە ڕزگاری میسر، بەگەڕانەوە بۆ بیری کۆنەپەرستی و ئوسولیەت و شێوەی حوکمڕانی دەسەڵاتی لەناوچووی عوسمانیەکان نایەتەدی.

هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی ئەم بزوتنەوە رادیکاڵ و نیشتمانیەدا کە دروشمی ئازادیخوازی و دیموکراتی بۆ میسر بەرزکردبۆوە، پیاوانی ئایینی و هەڵگرانی بیری ئوسولیەت سەرسەختانە لە مەیدانی ڕکابەریدا بوون و دروشمەکانی ئەم بزوتنەوەیەیان بەدژی بەرنامە و ڕێبازی ئیسلام دەدایە قەڵەم و بەپیلانێکیان دەزانی دژی نەتەوەی موسوڵمان.

حەسەن بەننا لەناو کەش و هەوای دژایەتیکردنی نوێ گەریدا پەروەردەبوو و تا دەهات بەو بیرکردنەوەیە بارگاوی دەبوو کە پێیوابوو هەموو باسکردنێك لە گۆڕان و پێشکەوتن، دەسیسەی خۆرئاوایە و دژی قورئان و شەریعەتە.

هەر بۆیە وردە وردە فیکری ئوسولیەت و دژایەتیکردنی ریفۆرم و ڕۆشنگەری ئەم پیاوە گەیشتە ئاست و پلەیەك کە





تەنزیری تر بکات و بڵێت: (سەرۆکایەتی دنیا خۆرهەڵاتیبووە، پاشان بووەتە خۆرئاوایی کاتی ئەوەش هاتووە کە دووبارە خۆرهەڵات جارێکی تر بێتەوە مەیدان)[18]. چەمکی (خۆرهەڵات) لەم گوتەیەی حەسەن بەننادا، یەکسانە بە (خۆرهەڵاتی سایەی خەلافەتی ئیسلامی) نەك خۆرهەڵاتی سایەی بیرو دەسەڵاتێکی تر، بۆیە لەم نێوەدا گەرمە شین بۆ خۆرهەڵات دەکات.

(حەسەن بەننا) مەبەستی لە (خۆرئاوا)ش، خۆرئاوای داگیرکەر و ئیستعمار نییە، بەڵکو مەبەستی: خۆرئاوای مەسیحی، خاچ پەرستە، بێگومان ئەم بیرکردنەوەیەش لە بیری تەسکی ئوسولیەتەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك لە بیری نیشتمان پەروەرییەوە، هەر بۆیە دواجار یەکێکی دیکە لە رابەرانی ئیسلامی سیاسی بە ئاشکرا ئەم ڕاستییە دەخاتەڕوو کە دەڵێت (سروشتی ململانێ لەگەڵ ئیستعماردا خاچ پەرستانەیە، نەك ئابوری یاخود ماڵی و سیاسیانە)[19].

حەسەن بەننا لەبەرامبەر مەسەلە نیشتمانی و بزووتنەوە دژی کۆلۆنیالیستییەکاندا بیروباوەڕی خۆی نەدەشاردەوە، بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابوو کە خەڵکی میسر لەڕێگای ڕاستەقینەی نیشتمانپەروەری دووربخاتەوە، ئەم پیاوە بەپێچەوانەی بیری (میسرگەری) کە ئەوسا مانای ئازادی خوازیی دەگەیاند، بانگەشەی بۆ بیری قەبەو چەواشەکاری دەکردو دەیوت (هەرپارچە زەوییەك ئاڵای ئیسلامی تێدا هەڵکرێ نیشتمانی هەموو موسڵمانێکە کە پارێزگاری بکاتو کاری بۆ بکاتو لە پێناویدا جیهاد بکات)[20].

(حەسەن بەننا) لە جیاتی هانداندو جولاندنی هێزو توانا جەماوەرییەکان لە خزمەتی خەباتی نیشتمانیو دژی داگیرکاریدا کە لە ئەرکە هەرە گرنگ و بنچینەییەکانی خەڵکی میسر بوو، خەڵکی لە هەستی بەرزی نیشتمانی سارد دەکردەوەو بەرەو ئوسوڵیەت و بیری تەسکی ئاییینی و وەلاوەنانی بەرژەوەندییە نیشتمانیە گرنگ و ڕاستەقینەکان هانیدەدان!





کەسانێکیش کە بەقسەی بانگەشەکەی ئەویان نەکردایە و دوای بیری نیشتمانپەروەری و ڕۆشنگەری بکەوتنیایە، بەتۆمەتی جۆراوجۆر ناوزەدی دەکردن، بەهەر حاڵ هەرکەسێك بەوردی سەیری تۆماری لاپەڕەکانی مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵی ئیخوان موسلمین بکات، یەك ڕاستیی بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەمەیە: کۆمەڵی ئیخوان لە مێژووی بزوتنەوەی نیشتمانیدا بچوکترین خاڵی سەروەریان بۆ خۆیان تۆمارنەکردووە.

داڕوخانی یەکجارەکی دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانیو سەرکەوتنی شۆڕشی کەمالیستی و ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی عەلمانی لەسەر کەلاوەو پاشماوەی خەلافەتی ناوبراو، ململانێی نێوان هەردوو بەرەی (کۆنەپەرستان و نیشتمانپەروەران)ی میسری یەکجار تۆخکردەوە و ئوسوڵیەکانی **شێتگیرکرد**، سەرکەوتنی کەمالیەکان لە تورکیا کاریگەری پۆزەتیڤی هەبوو لەسەر میسرو تەکانێکی باشی بەجولانەوەی ڕۆشنگەری بەخشی.

حەسەن بەننا لەپەرەگرافێکدا بەمجۆرە باسی ئەو قۆناغە مێژووییەی میسر دەکات و دەڵێ: (ئەمە ئەو ساتەیە کە گەلی میسر لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا، لەنێوان دووبەرەدا دێت و دەچێ: یەکێکیان ئیسلامی ئازیز و خۆشەویستە کە بۆی بەجێماوە و پارێزگاری کردووە و لەگەڵیدا راهاتووە و چواردە سەدەی تەواویش پێی ژیاوە و شانازی پێوەکردووە، ئەوی دیکەشیان ئەم هێرشە خۆرئاواییە توندوتیژەیە کە بەهەموو چەکێکی کاریگەر و کوشندە لەدارایی و دەوڵەمەندی و ڕواڵەت و خۆشگوزەرانی و ئامرازەکانی پڕوپاگەندە پڕ چەکە)[21].

ئەڵبەتە لەم پەرەگرافەدا بەراشکاوی ئەوە دیارە کە تەمەنی دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی بەشێکە لەو چواردە سەدە پڕشکۆیەی کە (بەننا) ئاخی بۆ هەڵکێشاوە.

حەسەن بەننا ئاماژە بۆ کۆلۆنیالیزم ناکات، چونکە ئەو تەنها شیوەن بۆ کارەساتی نەمانی خەلافەتی عوسمانی دەکات، کەواتە ئوسوڵیەکانی ئەوسای میسرو حەسەن بەنناش وەك رابەری ئەو بزوتنەوەیە، تەنها رۆڵی ناشیرینکردنو دورخستنەوەی





هەواداران‌و لایەنگرانی بزوتنەوەی رۆشنگەری‌و نیشتمانییان دەگێڕاو ئاینیان وەك ئەو چەکە سازو ئامادەیە بەکاردەهێناو بەخەڵکی میسر بڵێت: کە کاری مرۆڤەکان لێرە لەسەر زەوی و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو ئەرکی هەموان کارکردنی بەردەوامە بۆ مسۆگەرکردنی ئەو دنیا، بەمجۆرە حەسەن بەنناو هاورێکانی رۆڵی دەوڵەت‌و پۆلیسیان دەبینی بۆ خامۆشکردنی دەنگە زوڵاڵەکانی ئازادی. بۆیە دەشێ ئەو وتەیەی (تۆماس هۆبز) بەسەریاندا بچەسپێنرێ کە دەڵێ: (ئایین تەنها خاڵیکەرەوەیەکی هەورە بروسکە کۆمەڵایەتیەکان‌و کەنیسەش جۆرێکی ترە لەهێزەکانی ئاسایش کە دەوڵەت بۆ پاراستنی هێمنی کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنێت‌و جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ پۆلیس‌و سوپادا نییە، بەڵام ئەم کاریگەترو بەرفراوانترە، رەنگە کەمخەرجی تریش بێت چونکە ئایین لەناخی هەر مرۆڤێکدا پۆلیسێك دادەنێت کە هەمیشە لەگەڵیدایە[22].

## دەسەڵات، لەڕوانگەی فیکری حەسەن بەنناوە





ئەڵبەتە خودی حەسەن بەنناو هاوڕێکانی، هەر لەسەرەتای دروستکردنی کۆمەڵی (ئیخوان موسلمین)ەوە مەبەستیانبوو هەر چۆنێکبووە بگەنە دەسەڵات، واتا لەبەراییەوە ئامانجیان، دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بوو. لەدیدو بۆچونی ئیخوانەوە، دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی رادەوەستێ:

*یەکەم:* پەیوەندیی نەپساوەی نێوان ئایین و دەوڵەت.

*دووەم:* جیاوازی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی تری کۆنو نوێ[23].

حەسەن بەننا بەڕاشکاوی لەسەر تێزی دەسەڵاتو سیاسەت لە زۆرێك لە بۆنەو کۆبوونەوەکانی ئیخواندا قسەی کردووەو سەرجەم بیرو بۆچونەکانیشی هەڵقولاوی بیری ئوسوڵی ئیسلامییە، هەر بۆیە بێ پەروا دەڵێت: ئامانجمان دروستکردنی دەوڵەتێکی ریفۆرمخوازە کە حوکمەکانی ئایینی ئیسلامی بپارێزێ)[24].

ئـەو پیـاوە وەك یەکـەمین رابـەری ئیخـوان جگـە لـەوەی کـە روانینـی خـۆی بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـی بەئاشـکرا بـەیانکردبوو، بـەڵام هەنـدێك جـاریش بـۆ رتوشـکردنی دەربڕینـەکانی خـۆی، سـودی لەگـەڵێك چـەمکی دیکـە دەبینـی. ئـەو، بـۆ دارِشـتنی تێزەکـانی خـۆی دەربـارەی دەسـەڵات، پشـتی بـە ئیمامـەکانی مێژووی جیهانی ئیسلامی دەبەست وەك (غەزالی) کـە دەڵێـت: (شەریعەت ئەسڵەو دەسەڵات پاسەوانێتی)[25].

حەسەن بـەننا بـۆ پاراسـتن و پتـەوکردن و فراوانکردنـی ئـەو دەوڵەتەی کە بانگەوازی بۆ دەکـردوو گـەرەکیبوو دایبمـەزرێنێ، تەنها شـتێك کـە هەمیشـە جـەختی لەسـەر دەکـردەوە چـەمکی (هێـز)بـوو، تەنانـەت لـە روبەڕوبوونـەوەی نەیارانیشـیدا زۆر توندڕەوانە مامـەڵەی دەکردو لەوەڵامی زۆرێـك لـە نوسـینەکاندا بەردەوام ووشەی شمشـێرو هێـزی بـەکاردەهێنا ئەمـەش بەڵگـەیـە لەسەر ئەوەی کـە ئـەو پیـاوە کـەناڵێك بـووە بـۆ بەرهـەمهێنانی توندوتیژی لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا.





حەسەن بەنناو هاوڕێکانی هیچ جۆرە دژایەتییـەکی ئـەوتۆیان بەرامبەر مەلیكو دەسەڵاتی ئەوسـای میسـر نەدەنوانـد، بـەڵکو لێـرەو لـەوێ زۆرجـار وەك خەلیفەیـەك و سـونبلێك تەماشـایان دەکردو بەردەوام ئاشتیەکی هەمیشەییان لەگـەڵ دەسـەڵاتەکەیدا هەبوو، بەپێچەوانەوە هەمیشەش لـە جـەنگێکی بەردەوامـدابوون دژ بـە نـەیارانی مـەلیك، لـە کـۆنگرەی شەشـەمی جەماعـەتی ئیخواندا راشکاوانە ئەم پەیوەندییـە باسـکراوەو تیایـدا هـاتووە: (ئەو پڕوپاگەندەیەی دەخرێتـە پاڵمـان گوایـە ئیخـوان موسـلمین دوژمـنی مـەلیکن درۆیەو هیچ ئەسڵێکی نییە)[26].

حەسـەن بـەنناو کۆمـەڵەکـەی هـەر لـە زووەوە هەوڵیانـداوە پەیوەندییەکی بـاش لەگـەڵ کۆشـکی پاشـایەتیدا دروسـتبکەن، ئەڵقەی پەیوەندییان لەڕێگەی (عەلی ماهیر)ەوە بـوو، ئـەوان بـۆ رازیکردنی دڵـی مەلیك و کۆشکی پاشایەتی هەمیشە دژایەتی خۆیان لەگەڵ حزبی وەفدو بزووتنەوەی نیشـتمانی و دیموکراسـی دوپاتـدەکردەوە هـەروەها سـەلماندیان کـە پـارێزەر و دڵسـۆزی کۆشکی (عابدین)ن، هەر بۆیە لە مەراسیمی دەسـتبەکاربوونی

(شا فـاروق)دا لەبـەردەم كۆشـكدا كۆبوونـەوەو وتیـان (لەسـەر كتێبـی خـواو سـونەتی پێغەمبەرەكـەی پـەیمان و لایـەنگری خۆمـانت پێ دەبەخشین)[27].

تەنانـەت ئەگـەر سـەیری گرتنەكـەی حەسـەن بـەنناو ئەحمـەد سـوكەری بكـەین لەسـاڵی 1941دا، دەبیـنین زۆر بـە زوویـی ئـازادكران كـە ئـەوە باشـترین بەڵگـەی بـوونی پەیوەندییانـە بـە كۆشـكی پاشـایەتی عـابدینـەوە. (جـۆرج كـیرك) دەڵێـت: (بەرەڵاكردنەكـەیان بـەهۆی فشـاری كۆشـكەوە بـوو كـە لـەناو خەڵكیدا وا بڵاوبوو: (بەننا) یارمـەتیەكی گـەورەمان پێشـكەش دەكات)[28].

ئەم پەیوەندیی و خۆسازدانە لەگەڵ دەرباری (شـا)، لـە خـۆڕا دروست نەببوو، بەڵكو هەر لەسەرەتاوە لەڕێگەی چەندین كەسی ئاییینیەوە هەوڵی بۆ درابوو كە دیارترینی ئەو كەسـانە (محەمـەد مسـتەفا مـەراغی)ی شـێخی ئەزهـەر بـوو، تـا سـاڵی 1945 بەردەوامبوو.





لـە خستنەبەرچـاوی ئـەو ڕاسـتییانەی سـەرەوەدا مێـژووی دروسـتبوونی ئیخـوان دەكەوێتـە ژێـر پرسـیارەوە كـە ئایـا ئـەو كۆمەڵە ئیسلامییە سیاسییە لە دژی كێ دروستبوو، یاخود لە دژی كـێ دەجەنگا؟

ڕۆچون بەناخی وردەكاریی‌و راسـتییەكاندا، بەیـەكجاری ئـەوە روون دەكاتەوە كە قوتبونەوەی ئیخوان موسلمین ڕێك لەبەرامبەر بزوتنەوەی ریفۆرمیستی و رۆشنگەریی كۆمـەڵگەی میسـردابوو، **دەنـا ئیخوانـەكان هـەرگیز دەسـەڵاتی مـەلیك‌و كۆشـكی عـابدینیان بەهەڕەشە نەزانیوە، نە بـۆ سـەر خۆیـان و نـە بۆسـەر بیری ئوسولێەت، لەكاتێكدا كە مەلیك‌و دەوڵەتەكەی بـەردەبازی كۆلۆنیالیزمی، بەریتانیبوون.**

**كەواتـە وەك ڕێبـازو میتـۆدی حەسـەن بـەننا دەیویسـت لـە** سـۆنگەی تێڕوانینـی خۆیـەوە، دەسـەڵاتی ئیسـلامی بەرقـەرار بكـات، بـەڵام هـەرگیز سیسـتەمی پاشـایەتی و شـای میسـری نەخسـتە ژێرفشـارەوە بـەڵكو لـەوەش واوەتـر گـەرەكیبوو لـەبری ئەوەی ڕێبـدات دەسـەڵاتی دیموكراتی و نیشـتمانی لـە جێگـای

دەسەڵاتی پاشایەتی نۆکەری داگیرکەر بێتەکایەوە، رێگربوو لەبەردەم سەردەرهێنانی وەها بزوتنەوەیەکدا. ئەگەرچی سیناریۆی دروستبوونی ئیخوان بەکوشتنی رابەرەکەی کۆتایی هات، بەڵام تاکو ئێستا لەژێر ناو و ناونیشانی جیاجیادا ئەم شانۆگەریە درێژەی هەیە. بەڵام ئەو تێزەی کە هەر لەسەرەتاوە کاری لەسەر کراوە تا ئێستا لای بزوتنەوەی ئیخوانی جیهانی پیادە دەکرێت، ئەگەرچی لە هەندێك قۆناغدا توش دەکرێت، بەمەبەستی خۆگونجاندن و چەواشەکاری لەگەڵ بەرامبەردا.





# دەرئەنجام

**خویندنەوەو شۆڕبوونەوە بەناوەڕۆکی دیاردەیەکی فیکری یاخود سیاسی و فەلسەفی ناکرێت سەررێپیانە و ڕووکەشیانە بەسەریدا بازبدرێت، دەشێ سەرجەم ڕەهەندەکانی لە ڕوانگەی لێکدانەوەیەکی وردو زانستییانە بدرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئایا ئەوە تەنها ئەرکی کەسێکە کە گەرەکیەتی لە باسەکانی بنەوێت، بەبڕوای من هەرگیز واقعی نییە ووزەو توانای کەسێك بەتەنها بتوانێت لە ئاستی ئەو داخوازییە بێت. بەرهەحاڵ دەربارەی ئیسلامی سیاسی یاخود ئیسلامگەرایی زۆر قسەی بەپێزو شێلگیرانە کراوەو ئاماژەی باشیشکراوە بۆ زۆرێك لە ڕەهەندەکانی، کە دەکرێت بەرچاوو ڕوونییەك لای خوێنەری کورد دروستبووبێت یان بەشێك لەڕاستیەکانی لەلا گەڵاڵە بووبێت.**

**وەرگرتن و خستنەژێر پرسیاری یەکە یەکەی ڕەهەندەکانی ئەو دیاردەو بگرە رابەراکانیشی باشتر بەرچاومان ڕوناك دەکاتەوە، نەوەکو سەرجەم دیاردەکە لەیەك سۆنگەوە تەماشا بکرێ.**





**ئەوەی تێبینی دەکرێت لە بەرایی و مێژوی فیکرو ژیانی رابەرانی بیری ئوسولێەت ئەوەیە کە گەرەکیانە بووە کتومت، سەردەمو مێژوو بەرەو پاشەوە بگێڕنەوە، ئەو قۆناغەی تێیدان بەچەند سەد ساڵێك فۆتۆکۆپی بکەن، کە لەڕاستیدا (هیچ دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نابێتە وێنەی کۆپیکراوی دیاردەیەکی پێشخۆی)[29].**

**دیاردەی ئوسولێەت تەنها لەیەك گۆشە نیگاوە جیهان دەبینێ و کەمجار توانیویەتی خۆی لەقەرەی چەمکی دیکەو کۆمەڵایەتی دیکە بدات و یاخود هەر نەیتوانیوە دەرەقەتی بێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕێباز و فیکری حەسەن بەننا بەڕوونی بەدیار دەکەوێت، کە ئیسلامی سیاسی فەلسەفەیەکی سیاسی ناکامڵە، بەو دەلیلەی کە نەیتوانیوە سەرلەبەری دیاردەو ئیشکالیەتەکانی کۆمەڵ لەخۆ بگرێ و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. ئیسلامی سیاسی ئەوەندەی پەروەردەیەکی دەرونی کۆمەڵایەتییە بەئاراستەی بەئامێرکردنی تاکو لێ سەندنەوەی سەرجەم بەهاکانی، ئەوەندە فەلسەفەیەکی فرە ڕەهەند نییەو**

هەرگیز نەیتوانیوە پایە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ لەخۆ بگرێ وەك تاکگەرایی و ئابووری.

ئەگەرچی خودی حەسەن بەنناو ڕابەرانی دیکەی ئیسلامی زۆریان هەوڵداوە وا خۆیان پێناسە بکەن کە فیکرو ڕێبازیان فەلسەفەیەکی کامڵ و فرە ڕەهەندە، تەنانەت هەشیانە بانگەشەی سیستمی سێهەم دەکات لە جیهاندا لەنێوان سیستمی ئابوری سیاسی سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا، دەیانەوێت بڵێن کە ئوسولێەت سیستەمێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەربەخۆیە، بەڵام پڕو پاگەندە و بانگەشە چ نییە گەر لەمەحەکی مەیدان و پیادەکردنی واقعی نەدرێت.

حەسەن بەنناو پەیڕەوانی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە گەرەکیان بووە پێمان بڵێن کە میتۆدی ئێمە بەرنامەیەکی هەمە لایەنەیە و ئوسولێەت خاڵییە لەهەر کەموکوڕییەك ئەگەرچی ئەزموونەکانی دەسەڵاتدارێتی ئەو میتۆد و سیستەمە لەزۆرێك لە پانتاییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا حەقیقەتی خۆیان بەرجەستەکردووە و لەلایەکی ترەوە چەند ڕاستییەکیان





ئاوەژووکردو کۆمەڵیان یەکجار چەواشەکردو ئیسلامیان لە چەمکی ئەخلاقییەوە گۆڕی بۆ چەمکی سیاسی، بەکورتی بیری ئوسولێەت دیاردەیەکی ناوازەو تایبەت نییە بەم سەردەمە، بەڵکو دیاردەیەکە لەبارودۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا سەریهەڵداوە و پاشان لەسەر شانۆی ژیان بەشێوەیەك لە شێوەکان پاشەکشەیکردووەو پوکاوەتەوە، بەڵام تاکو کەی تەمەنی درێژەی هەیە؟ یان ئایا دەشێ هەتا سەر لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردنی دنیادا هەڵبکات.

# سەرچاوەو پەراوێزەکان



خوێندنەوەیەک بۆ فیکری حەسەن بەننا

1ـ د. رەفعەت ئەلسەعید، حەسەن بەننا کەی، چۆن، بۆ، ل.

2ـ محمد رشيد رضا، تأريخ الاستاذ الامام، ج1، ص11، الدكتور محمد عمارة، الاسلام و المرأة في رأى الامام محمد عبده، ص171ـ172.

3ـ محمد عبده، الاعمال الكاملة، ج1، ص682.

4ـ بڕوانە: (محمد رشيد رضا، تأريخ الاستاذ الامام، محمد عمارة).

5- هەمان سەرچاوە، ص219.

6- بڕوانە: الخلافة و الامامة الاعظم.

7- هەمان سەرچاوە.

8- شێخ علی عبدالرزاق، ئیسلامو بنەماکانی فەرمانڕەوایی.

9- مذكران الدعوة و الداعية، ص49.

10- (اخوان المسلمين) دكتور اسحاق موسى الحسيني، سيد هادي فروشاهى.

11- مذكرات الدعوة و الداعية، ص22.

12- حسن البنا، مجموعة الرسائل، ص20.

13- ئیخـــوان موســـلمین مێژوویيـــەکی پرشـــنگدارە و خەباتێکی بێوچان، ئامادەکردنی ڕزگار کەریم، ل58.

14- هەمان سەرچاوە، ل144.

15- هەمان سەرچاوە.

16- د. ڕەفعەت ئەلسەعید، حەسەن بەننا کەی، چۆن، بۆ، ل31.

17- هەمان سەرچاوە، ل37.

18- الرسائل الثلاث، ص87.

19- سید قطب، العدالة الأجتماعية في الاسلام.

20- الرسائل الثلاث.

21- مذكرات الدعوة و الداعية، ص49.

22- د. لويس عوض، تأريخ الفكر المصر الحديث، ص282- الجزء الثاني، الهلال عدد ابريل، 1969.

23- بیری ئوسوڵی ئیسلامی، فوئاد مجید میسری، ل329.

24- التيارات الأسلامية و قضية الديمقراطية، ص194.



خوێندنەوەیەک بۆ فیکری حەسەن بەننا

25- رسائل الامام الشهيد، ص233.

26- ئیخوان موسلمین مێژوویەکی پرشنگدارە و خەباتێکی بێوچان، ئامادەکردنی رزگار کەریم، ل228.

27- حسن البنا مذكرات الدعوة و الداعية، ص252.

28- د. عبدالعظيم رمضان، الحركة الوطنية في مصر مـن الـــى 1948، ج2، دار الـــوطن العربـــي، بـــيروت، ص128. لەکتێبی حەسەن بەننا کەی، بۆ، چۆن، وەگیراوە.

29- بیـری ئوسوڵی ئیسلامی خوێندنەوەیەکی سوسیۆلۆژی رەخنەیی، فوئاد مەجید میسری.

# پێڕست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| سەرەتا.................................. | 4 |
| زەمینەی سەرهەڵدان‌و پەیدابوون......... | 10 |
| ژیان و فیکری حەسەن بەننا............... | 22 |
| شێوازی پەروەردەیی لەفیکری حەسەن بەننادا.... | 29 |
| حەسەن بەنناو بزوتنەوەی نیشتمانی............. | 38 |
| دەسەڵات لەروانگەی فیکری حەسەن بەنناوە..... | 47 |
| دەرئەنجام ...................................... | 54 |
| سەرچاوەو پەراوێزەکان........................ | 59 |
| پێڕست | 63 |